تێبینی:
- بە بێ ئاماژەی دروست بەم سەرچاوەیە هیچ کەسێك بۆی نییە بێ لە خوێندنەوە سوودی دیکەی لێوەربگرێت.
- داوا لە ماڵپەرە کوردیەکان دەکەم کاتێك نووسراوێکم بڵاو دەکەنەوە کە من بۆم نەناردوون، ئاماژە بەو سەرچاوەیە بکەن کە لێیان وەرگرتووە.

# سەبارەت بە سێنترالیزمی دیموکراتیك

## پێشەکی

لەم وتارەدا دەمەوێت بە کورتیی ڕۆشناییەك بخەمە سەر هێڵە گشتیەکانی سێنترالیزمی دیموکراتیك و سەر سەرچاوەی کتێبە بەناوبانگەکەی لێنین "چی بکرێت" و تێڕووانینی جودا لە سێنترالیزمی دیموکراتیك، هەروەها پێوەندی ئەم چەمکە بە پرسی دیموکراسی، ڕەخنە و خۆڕەخنەکردن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەوە. لەوێدا وەکوو نموونە باسێکی کورت لە پێوەندی لەگەڵ سێنترالیزمی دیموکراتیکدا لەسەر کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان دەخەمە بەردەست.

## سپاردنەوەی ئەمانەتێك بە مێژوو

ئەو دەمەی نیکۆلا شێرنێڤیسکی ساڵی١٨٦٣ ڕۆمانی " چی بکرێت؟"[1] ـ ی نووسی نەیدەزانی لانی کەم دوو کەس لە مێژوودا سوود لە بەرهەمەکەی وەردەگرن.
یەکێك لەوانە فیۆدۆر دۆستۆیڤیسکی Dostojevskij بوو کە کردی بە هەوێنی گەورەترین شاکاری ئەدەبیی خۆی. ئاخر ساڵی ١٨٤٩ واتە ١٥ ساڵێك پێش ئەوەی شێرنێڤیسکی ڕۆمانی"چی بکرێت؟" بنووسێت دۆستۆیڤیسکی لەسەر بەشداریکردنی لە کاری شۆڕشگێڕانەدا دژ بە دەسەڵاتی قەیسەر دوورخرابووەوە بۆ سیبریا. لە "برایانی کارامازۆڤ" و "سزا و تاوان" دا ئەو ئاخ هەڵکێشانەی دۆستۆیڤیسکی دیارە کە دەیتوانی سوودی زیاتر لە ڕۆمانی "چی بکرێت؟" وەربگرێت وەك لەوەی تەنها بیکات بە هەوێنی ڕۆمانێکی، ئەگەر شێرنێڤیسکی "چی بکرێت؟" ـ ی ئەو دەمە یان پێشتر بنووسیایە کە ئەمیان بۆ زیندان و بۆ سیبریا ڕاپێچ دەکرد.
دۆستۆیڤیسکی بۆ نموونە دەیتوانی لە شێرنێڤیسکیەوە فێری خۆڕێکخستن و هونەری دیکەی ڕێکخراوەیی سیاسیی بێت، وەك لەوەی کە بە هاسانیی ببێت بە نێچیرێك لە دەیان هەزار نێچیری قەیسەر و کە لە سیبریا ڕۆژانی هەمیشە سارد و تەنهایی بژمێرێت.
دۆستۆیڤیسکی ساڵی ١٨٢١ لە دایك بوو و شێرنێڤیسکی ساڵی ١٨٢٨. حەوت ساڵ گەنجتر لە دۆستۆیڤیسکی لە ساڵی ١٨٦٢ دا، کاتێك کە ٣٤ ساڵان بوو، لەسەر گۆڤاری "هاوچەرخ Den samtida"، دوو ساڵ بێ هیچ لێپرسین و دادگاکردنێك خستیانە زیندانی تاکەکەسی. پاش دادگاکردنێکی گۆترەیی، بێ هیچ بەڵگە و حیسابێك، چواردە ساڵ زیندانی بە سەردا سەپێنرا و مەحکومیش بە دوورخستنەوەی ئەبەدی بۆ سیبریا کرا. جارێك هەوڵدرا پڕفێندرێنرێت، بەڵام سەری نەگرت و پاشان قەیسەر بەڵێنی دا کە ماوەی زیندانیەکەی نیواونیو بۆ کەم بکاتەوە بە مەرجێك لە بۆچوونەکانی خۆی پەشیمان بێتەوە. شێرنێڤیسکی ئەو کارەی نەکرد و لە زیندانەوە لە نامەیەکدا بۆ ژنەکەی دەنووسێت کە بە تەمای نووسینێکە.
پاشان دەرکەوت کە ئەو نووسینە بوو بە ڕۆمانی "چی بکرێت؟" و بەش بەش لە زیندانەوە بەرەو دەرەوە دەنێردرا و پەخش دەکرا.
خۆسەنسۆرکردنێکی ناچار بە ڕۆمانەکەوە دیارە کە زەحمەتە مرۆڤ بزانێت تا چ ئەندازەیەکە، بەڵام جێ مقەستی پیاوانی قەیسەرپارێز بە سەرتاسەری ڕۆمانەکەوە دیارە.
بەو شێوەیە قەیسەر و شێرنێڤیسکی هەردووکیان دوو جۆر ئاپرووو و دوو جۆر مێژوویان بۆ خۆیان تۆمار کرد.

---

[1] Vad bör göras? Ur berättelserna om de nya människorna. Nikolaj Tjernysjevskij. Översättning Bo-Göran Dahlberg. Arbetarkultur och Aurora. Stockholm Fälths tryckeri, Värnamo 1983.
تێبینی: نووسەری گەورە و بە ناوبانگی سوێدی ئوگوست ستریندبێری لە ساڵی ١٨٨٤ دا بە ئەڵمانی خوێندوویەتیەوە و ساڵی ١٨٨٥ دا بە کورتی کردوویەتی بە سوێدی، بەڵام بە داخەوە تیایدا سەرنەکەوتووە. بۆ ئەوانەی کە ئینگلیزی دەزانن پێشنیار دەکەم کە وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەی بخوێننەوە، هەم ئەوی " Michael R. Katz" وەریگێڕاوە و هەم ئەوەش کە "Benjamin R. Tucker" وەریگێڕاوە و "Ludmitta B. Turkevich" کورتی کردووەتەوە.

ئەو دەمەی شێرنێڤیسکی نێردرا بۆ سیبریا دەمێك بوو دۆستۆیڤیسکی ئەو ژیانە ژیا بوو. نێزیکەی سی دانە ساڵ کەوتە بەینی ئەو دەمەوە کە دۆستۆیڤیسکی لە سیبریا تەمبێ دەکرا و کە پاشان ڕۆمانی "برایانی کارامازۆف" ـ ـی نووسی. ڕۆمانی ”چی بکرێت؟” لە ناوەڕاستی شوێنێك لەو ڕێگایەدا کەوتە بەر دەستی دۆستۆیڤیسکی.
لێنین لە ١٨٧٠/٤/٢٢ لە دایك بوو و ڕۆمانی ”چی بکرێت؟” لە کۆتایی ١٨٦٢ و نیوەی یەکەمی ساڵی ١٨٦٣ دا نووسراش و بەش بەش بڵاویش بووەوە. ئەو کاتەی ڕۆمانی ”چی بکرێت؟” ـ ـی شێرنێڤیسکی بەش بەش دەردەچوو لێنین هێشتا ٧ ساڵی مابوو لە دایك بێت، بەڵام دۆستۆیڤیسکی و شێرنێڤیسکی دووچاری بەزۆر خۆسەنسۆرکردن، سەنسۆرکردن، زیندان، ئەشکەنجە و دوورخستنەوە بووبوون و جێدەستی زەبرێکی کۆنەپەرستی دەستەڵاتێکی ملهوڕ بە لەش و بە ڕۆحیانەوە دیار بوو.
کاتێك ساڵی ١٨٨٩ شێرنێڤیسکی مرد، لێنین لاوێکی سەرگەرمی تەمەن ٢٠ ساڵە و یەکێك لە عاشقانی ئەدەبی ڕووسیی بوو. لەو شتانەی کە کردبووی و کە توند کاری تێکردبوو خوێندنەوەی ڕۆمانی ”چی بکرێت؟” بوو.
دوور نییە کە شێرنێڤیسکی ڕۆمانی "برایانی کارامازۆف" ـ ـی خوێندبێتەوە و پێی زانیبێت کە دۆستۆیڤیسکی لە هەمان ئەو دۆزەخەدا ژیاوە کە ئەم دوواتر تیایدا ژیا و ئەو هەوێنەی خۆیی دووبارە تێدا بینیبێتەوە و هەستی کردبێت کە دۆستۆیڤیسکی هاوئازار و هاودەردە. بەڵام هەرگیز نەیتوانی بزانێت کە لێنین لە مانگی دوو ساڵی ١٩٠٢ دا کتێبێکی بە هەمان ناو ”چی بکرێت؟” نووسی. بەڵام لێنین وەك دۆستۆیڤیسکی نەیکرد بە ڕۆمانێك، بەڵکو کردی بە بناخەی بیرێکی ئایدیۆلۆژی کە کاریگەریی جیددی کردە سەر مێژوو.
لێنین هەم ناوەکەی وەرگرت (بێ ئەوەی باسی بکات) و هەم سوودیشی لە ناوەڕۆکەکەی وەرگرت (بێ ئەوەی ئاماژەی پێ بکات)[2].

کرۆکی بیری شێرنێوڤیسکی لە ڕۆمانەکەدا ئەوەیە کە کەسانی شۆڕشگێڕ دەبێت تەواو هۆشیار بن و بە وریایی لە ژێرەوە یەکبگرن و خۆ بۆ شۆڕش حازر بکەن. پەلامار دەبێت ئاگایانە، پلانبۆکراو و ئامانجدیار بێت. مرۆڤەکان دەبێت پاك و مەبەستباش و دڵخاوێن بن، بەڵام نەك نەفام.
ڕۆمانەکەی شێرنێوڤیسکی تەواو خەسڵەتی نیوەی سەدەی هەژدەهەمی پێوە دیارە وەکوو سیمبولیزمی ساکار، بەرزکردنەوەی مەسەلەی ئافرەت، ڕێگادان بە ئافرەت بۆ هاتنە ناو پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانەوە، مەسەلەی خۆڕێکخستن، تەکنیك و شێوەی خۆڕێکخستن و شتی دیکەی لەو بابەتە. بۆ نموونە لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا دەبینین کە خانم ڤێرا پاڤلۆڤنا لەبەرخۆیەوە بە زمانی فەڕەنسی گۆرانی دەچڕێت. تێدەگەین کە گۆرانیەکە ڕادیکالیزم و هەست و خواستی شۆڕشگێڕیی تێدایە "ئێمە هەژارین، بەڵام کرێکارین و خاوەن بازووی بەهێزین...". لە گۆرانیەکەوە ئەوەش تێدەگەین کە شێرنێوڤیسکی لە ئاستێکی بڵنددا لە ژێر کاریگەریی شۆڕشی فەڕەنسییدا بووە.
ڤێرا پاڤلۆڤا دانیشتووە و خەریکی چنینی گوڵی کراسێکە بۆ خۆی کە لە ڕۆژی زەماوەندی خزمەتکارەکەدا لەبەری بکات. خزمەتکارەکەش کە هاتووەتە ژوور بۆ لای و نامەیەکی بۆ هێناوە بە ڤێرا دەڵێت: بەڵام خانمەکەم، چۆن کاری وا دەکەیت کە ئەو کراسەی بۆ منت دووریووە جوانتر و ڕگوڵترە وەك لە ئی خۆت؟ ڤێراش وەڵامی دەداتەوە کە بێگومان پۆشاکی بووك دەبێت جوانترین بێت.
شێرنێوڤیسکی زوو حاڵیمان دەکات کە ڤێرا پاڤلۆڤا لە خۆبردوو، سەربەرز، هاوڕێخۆشەویست و مرۆڤدۆستە.

لێنین دەیزانی کە پێشتر کەسانی وەك باکۆنین و هەرزەن ڕووسیای قەیسەریان لە بەر هەڕەشەی سیاسیی و زەبری فیزیکیی جێهێشتبوو. ئەوی لە ناو ڕووسیادا مابووەوە ناچار بوو بە زمانێکی ئائیسۆپیك، واتە ناوبردنی شت نە بە ناوی دروستی خۆیان، بنووسن. قەیسەر دەیزانی کە فشاری سیاسی دەبێت وا بڵند بێت کە بە پلەی یەکەم نووسەران و ڕۆشنبیران ناچار بکرێن کە خۆیان خۆ سەنسۆر بکەن. ئەوە یەکێکە لەو میتۆدگەلانەی کە تا ئێستاش ڕژێمگەل و ڕێکخراوی کۆنەپەرست هەوڵ دەدەن بە کاری بهێنن.

[2] هەر لە سەردەمی شیرێنۆڤیسکیدا، جان باپتیست شوێتزەر "Johann Bbaptist von Schweitzer" کە کەسێکی لاسالیست بوو (بڕوانە نامەی مارکس بۆ ئەو MECW, Volume 43, p.132 Marx To Johann Bbaptist von Schweitzer in Berlin “To von Schweitzer” London, 13 october 1868) لە ساڵی ١٨٦٥ دا باس لە شێوەیەك لە سێنترالیزمی دیموکراتیك دەکات و مەنشەڤیکەکانیش لە کۆنفەرانسی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٠٥ دا باسیان کردووە. یەك مانگ دوای ئەوە بۆلشەڤیکەکان بۆ یەکەم جار باسی ئەوە دەکەن کە بە ڕەسمی سێنترالیزمی دیموکراتیك پیادە بکەن.

لێنین ئەوەشی باش دەزانی کە پلیخانۆف هێندە ڕۆمانی ”چی بکرێت؟” ـ ی پێ باش بووە کە بە باشترین شاکاری ئەو دەمەی داناوە[3].

شێرنێوڤیسکی، نیکۆڵای گافریلۆڤیچ شێرنێوڤیسکی، کوڕە قەشەیەك بوو کە کتێبخانەیەکی گەورەی باوك و دایکی لە بەردەستدا بوو. لەو کتێبخانەیەدا گۆگۆڵ و پۆشکین و گەورەترین بەرهەمی ئەو دەمە کە "تێبینیگەلی نیشتیمانیی Fosterländska anteckningar" بەلێنسکی بوو، هەبوو.

بو – یۆران داهلباری "Bo-Göran Dahlberg" دەڵێت شێرنێوڤیسکی لە ڕۆمانی ”چی بکرێت؟” دا گەلێك جار باس لە فیورباخ Feuerbach دەکات، بەڵام لەبەر سەنسۆر بە ناو ناوی ناهێنێت. بە پێی هەموو جۆرە لێتوێژەرەوەکان و لەوانە لێنین خۆی، شێرنێوڤیسکی سۆشیالیستێکی ئیتیوپیە، بەڵام من پێموایە لێنین هەر زۆر زۆر لەوە زیاتر لە شێرنێوڤیسکی "قەرز" کردووە کە سۆشیالیستێکی ئیتیوپی بێت.

## ”چی بکرێت” ـ ی لێنین

بۆ ئەوانەی خۆیان بە لێنینیست دەزانن ئەوا کتێبی ”چی بکرێت” ـ ی لێنین یەکێکە لە گرینگترین ئەستوونە بنچینەییەکانی حیزبێکی کۆمۆنیست کە لەو چەشنەیدا بە نەریت بە "مارکسیست لێنینیست" ناسراوە. لانی کەم دوو جۆرە چاپ لە وەرگێڕانی ”چی بکرێت” ـ ی لێنین بە زمانی سوێدی هەیە. یەکێکیان بەشێکە لە بەرهەمەکۆکراوەکانی لێنین کە دەگاتە بەرگی ژمارە شەش، چاپی پێنجهەم کە "ئینستیتیوت بۆ مارکسیزم لێنینزم لە کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت" ڕێکیان خستووە و بەو شێوەیە بڵاویان کردووەتەوە[4]. لە چاپە سوێدیکەدا ئەمە بەشێکە لە بەرهەمە هەڵبژێردراوە چاپکراوەکان و بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٤٣ چاپکراوە. ساڵی ١٩٥٦ لە مۆسکۆ دووهەم جار چاپکراوەتەوە و ساڵی ١٩٧٢ چاپی سێهەمی هاتووتەدەر.

جیاوازیی جۆرەکەی دیکەی کتێبی”چی بکرێت”[5] بە سوێدی ئەوەیە کە لەمەیاندا "کۆمەڵەی کۆمۆنیستیی مارکسیست لێنینیستەکان" پێشەکیەکی خۆیان بۆ نووسیووە و بە درێژی باس لە کێشەی ناوخۆ و جوودابوونەکەیان دەکەن، پاشان وتاری "ئەرکەکانی سۆشیالدیموکراتی ڕووسیی" دێت کە وتارێکی لێنینە و یەکەم جار ساڵی ١٨٩٨ بڵاوبووەوە و ئینجا وتاری "هەرە ئەرکە گرینگەکانی بزووتنەوەکەمان" دێت کە هەروەها وتارێکی دیکەی لێنینە و بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٠٠ بڵاوبووەوە. هەر لەبەر ئەوە ئەمیان ٢٤٧ لاپەڕەیە کە نێزیکەی ٥٠ لاپەڕە لەوی یەکەمیان زیاترە. باقی کتێبەکە هەر هەمان ئەو ناوەڕۆکەی هەیە کە چاپەکەی دیکەش هەیەتی.

لێنین لە کتێبی ”چی بکرێت” دا بە وردی ئاماژە بە هەڵەکانی سۆشیالدیموکراسی[6] ڕووسی دەکات، ڕەخنە لە بەرنامەکانی کار، لە شێوەی کار دەگرێت و قسە لەسەر ئامانجی ستراتیژیی سۆشیالدیموکراسی دەکات و باس دەکات کە پارتێکی وا دەبێت چۆن بێت و چی بکات و چۆن ببزوێت.

لێنین هەروەها باسێکی دوورودرێژ لەسەر بزووتنەوەی ئیکۆنۆمیزم و هۆی دژایەتیکردنیان دەکات و باس لە ئەرکە سەرەکیەکانی بزووتنەوەی سەندیکای کرێکاران و جیاوازی لەگەڵ ڕابەرایەتی سیاسیدا دەکات.

ئەوانەی کتێبی "چی بکرێت" ـ ی لێنینان خوێندووەتەوە دەزانن کە لەوێدا لێنین بەتایبەتی سەبارەت بە ڕووسیا قسە دەکات و باسەکە تەنها پێوەندی بەو کات و سەردەمەی ڕووسیای قەیسەرەوە هەیە و

---

[3] بڕوانە پێشەکیەکەی بو- یۆران داهلبێری

[4] Vad bör göras? Brännande frågor för vår rörelse. Progress Moskva/Arbetar kultur Stockholm. Första upplagan V. I. Lenins verk Vad bör göras? Publicerades l Lenins Samlade skrifter i urval, b. 3, Arbetarkulturs förlag. Stockholm 1943. Andra upplagan i Valda verk i två band, b.1.d.1, Förlaget för litteratur på främmande språk, Moskva 1956. Tredje upplagan 1972. Revidering av Hilding Karlsson.

[5] Kommunistiska förbundet marxist-leninisterna (r) Göteborg. Tryck hos Bohusläningens AB, Uddevalla 1971.

[6] لە کۆنگرەی دووهەم ساڵی ١٩٠٣ دا یەکێك لە خاڵەکان کە لێنین پێی لەسەر دادەگرت ئەوەبوو کە هەر کەسێك بیەوێت ئەندام بێت دەبێت حەتمەن لە یەکێك لە ڕێکخراوەکانی حیزبدا جێگا بگرێت. ئەوەش لەبەرئەوەبوو کە پێی وا بوو کۆکردنەوەی خەڵکی ئاسایی کە ئەم بە سیاسیی دانەدەنان گیروگرفت زیاتر دروست دەکەن وەك لە گەیاندنی قازانج، مارتۆڤ یەکێك بوو لەوانەی کە دژ بەم بیرە بوو.

بۆلشەڤیکەکان، واتە زۆربەکان کە ئەو کاتە لەڕاستیدا کەمایەتیبوون. تەنها دوای ڕووخانی ڕژێمی قەیسەر کاتێك کە بانگەوازی "هەموو دەستەڵاتێك بۆ سۆڤێتەکان" کە خەڵك لییان نێزیك بووەوە بوون بە زۆربایەتی. پارتی بۆلشەڤیك پاش شۆڕشی ئۆکتوبەر بوون بە پارتی کۆمۆنیست. خاڵی سەرەکی لێنین بۆ ئەوەیە کە ئیتر لەگەڵ سۆشیالدیموکراتەکاندا تێکەڵ نەکرێن کە گوایە لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا پشتیان لە کرێکار و جووتیاران کردووە.

پارتی کرێکارانی سۆشیالدیموکراتی ڕووسیا (پارتی کۆمۆنیستی هەموو ڕووس (بۆلشەڤیکەکان)، ساڵی ١٩٢٥ بوو بە پارتی کۆمۆنیستی هەموو یەکێتیەکان (بۆلشەڤیکەکان)، ساڵی ١٩٣٤ بوو بە پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێتەکان (بۆلشەڤیکەکان)، ساڵی ١٩٥٢ بوو بە پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێتەکان (بێ وشەی بۆلشەڤیکەکان). ساڵی ١٩٩١ هەڵوەشایەوە.

مەگەر زۆر بەگشتی سوودی لێوەربگیرێت. بەڵام دەتوانرێت پرسیار بکرێت ئەدی چۆن ئەو کتێبە بوو بە پرینسیپێکی بەربڵاو لە مۆدێلی ڕێکخستن؟ وەڵامێك دەشێت ئەوەبێت کە کاتێك لێنینیزم بوو بە ئایدیۆلۆژی ڕەسمیی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت، دەوڵەت هەموو ئیمکاناتێکی خستەکار تا وەربگێڕدرێتە سەر زۆربەی زمانە دەوڵەتیەکان و لە ڕێگای پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانەوە ڕەواجی پێ درا.
لێنین خۆی لە وەڵامی"چی بکرێت" دا دەڵێت "باسەکە ئیتر چی دی سەبارەت بە هەڵبژاردنی ڕێگا نییە، بەڵکو سەبارەت بەوەیە کە کامە هەنگاوی پراکتیك بنرێت و چۆن لەسەر ئەو ڕێگایە بینێن کە دەیزانین. کارەکە سەبارەت بە سیستەم و پلانی کارە پراکتیکەکانە"[7].
لێنین مەسەلەی ڕێکخستن و خۆئامادەکردن و دامەزراندنی ڕۆژنامەیەکی سەرانسەری دەخاتە بەر باس و و باسێکی دوورودرێژ لەسەر مەسەلەی دوگماتیزم، ئازادیی دەربڕین و بایەخی تیئۆری سیاسیی دەکات و هێرشێکی هەمەلایەنە دژ بە لێکۆڵینەوەی زانستی کە مارکسیزم یان شێوەکەی ئەم لە مارکسیزم بخاتە ژێر پرسیار و هەڵسانگاندنی جۆری دیکە لە تێگەیشتن لە مارکسیزم، لە سۆشیالدیموکراتی و لە قسەکردن لەسەر ئەڵتەرناتیڤی کار و خەبات، بۆ نموونە لە سیاسەتی ڕیفۆرمخوازیی دەکات.
لە بەشی "ئەنجلس سەبارەت بە بایەخی خەباتی تیئۆری" بە کاوەخۆ باس لە مەسەلەی تیئۆری دەکات و وەکوو سەرئەنجامگیریی ئەو بەشە دەڵێت "بێ هەبوونی تیئۆریەکی شۆڕشگێر، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێر ناتوانێت هەبێت"[8]. لە قووڵبوونەوەی خاڵی سێی ئەو بەشەدایە کە باس لە گرینگی و بایەخی تیئۆریەکی پێشکەوتوو و چۆنیەتی دەستگەیشتن بە سەرچاوەیەکی وا دەکات و بە ناو ناوی هەرزن (Herzen)، بەلینسکی (Belinskij) و شێرنیۆفیسکی دەبات[9].
لێنین بەلایەوە گرینگە کەخوێنەر لەو جیاوازیە تێ بگات کە لە مەسەلەی هۆشیاریی و ساکاریی سیاسیدا بە شێوەی جودا بەیانی دەکات. "کرێکاران ئەو کۆنەبیرەیان نەمابوو کە ئەو دەستەڵاتەی دەیانچەوسێنێتەوە لە شکاندن نایەت، کرێکاران دەستیان کرد بەوەی کە - من نامەوێت بڵێم تێگەیشتبوون، بەڵام ئیتر لە پێویستی بەرەنگاربوونەوەیەکی کۆمەڵیی حاڵیی دەبوون و بڕیاردەرانە دەستیان لەو کۆیلەیەتیە سەر چۆکانەیان هەڵگرت کە بۆ دەستەڵاتی بڵند هەیانبوو. بەڵام ئەمە لە پلەیەکی زۆر باڵادا دەربڕینێك بوو بۆ نائومێدی و تۆڵەسەندنەوە، وەك لە خەبات"[10].
لێنین هەموو جوڵانەوە و بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بە گەوج و ئامانجنەزان دادەنێت و دژی ئەوەیە کە پێی دەڵێت "هەر لە خۆوە کردن (عەفەوی)".[11]
بەو شێوەیە بە توندی دژ بە بیری ڕیفۆرمخوازیی دەدوێت و گاڵتە بە بیری "ترەیدیونیەنیزم یان سەندیکالیزم Tradeunionism" دەکات و بۆ ئەم بە مانای "خۆکۆیلەکردنە لە ژێر ڕکێفی برژوازیدا"[12].
هەروەها دژ بە کاوتسکی (Kautsky) و ڕیتینگهاوسن (Rittenghausen) و بەرنستاین (Bernstein) دەدوێت و دەڵێت "ئەوانەی لە بزووتنەوەکەماندا کاری پراکتیکیان نواندووە دەزانن کە ئەو تێگەیشتنە "سەرەتاییە primitive" لەسەر دیموکراسی چەند لە ناو جەماوەری لاوانی خوێندکار و کرێکاراندا بەربڵاوە" پاشان بەردەوام دەبێت "[کەواتە] سەیر نییە کە ئەم تێگەیشتنە خۆی دەخزێنێتە ناو پێڕەووپرۆگرام و ئەدەبەوە"[13].
ئەوجا گاڵتە بە ڕابۆشە دێلۆ (Rabotjeje Delo) دەکات و دەڵێت کاتێك ڕابۆشە دێلۆ، لە ناو ئەو هەلومەرجەدا داوای ڕابەرایەتی دەکات کە وابەستەیە بە بڕیاردانێکەوە کە پابەندی پرنسیپە دیموکراسیە بەرینەکەیە، ئەوا مرۆڤ ناتوانێت زیاتر لەوەی کە پێی بڵێت "ڕاوە دەنگ" ناوێکی دیکەی لێ بنێت".[14]
لێنین دژایەتی خۆی دژ بەو "دیموکراسیە بەرینە" ناشارێتەوە و پێی وایە کە جەماوەری بەرین لە ژێر کارتێکردن و ئیحساسیەتگرتنی دیموکراسی برژوازیدا دەکەونە دەنگدانێکەوە کە دژ بە بەرژەوەندی خۆیان دەبێت و بەکاریشیان دەهێنن.
بەو شێوەیە لێنین بە توندی دژ بەو ڕەخنەگرتنەیە لە سێنترالیزمی دیموکراسی کە پێی وایە خەسڵەتێکی تەوتەئە و نادیموکراسی هەیە، ئەوە بە ناڕەوا دادەنێت و پێی وایە ئەو ڕەخنانە بێ بناخەن.

---

[7] Kommunistiska förbundet marxist-leninisterna (r) Göteborg. Tryck hos Bohusläningens AB, Uddevalla 1971. لاپەڕە ٤٣

[8] "چی بکرێت" ـ ـی لێنین، لاپەڕە ٧١

[9] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٧٢

[10] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٧٦

[11] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٨٣

[12] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٨٦

[13] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٨٤

[14] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٨٤

زۆر بە لایەوە گرینگە بیسەلمێنێت کە سێنترالیزمی دیموکراسی بۆیە پێویستە چونکە جەماوەری بەرین نازانێت چی دەکات و لەبەرچی دەیکات. بە ڕای ئەم خەڵك پێویستیی شۆڕشگێڕیی و هەست و سۆز تێکەڵ دەکات و باس لە "نەبوونی ئامادەگیی شۆڕشگێڕیی نە هەر لە ناو کرێکاران بەڵکو ڕۆشنبیرانیشدا"[15] دەکات.
ئەوجا هەندێك جار تێرمی سێنترالیزمی دیموکراسی بە "سێنترالیزمی شۆڕشگێڕانە"[16] ناو دەبات و هەڵبەت ددانی پیادا دەنێت کە دیسێنترالیزاسیۆن (ناناوەندبوون) و دابەشکردنی بەرپرسیارێتی و کار گرینگە، بەڵام ڕوونی ناکاتەوە چۆن.
بەو شێوەیە لە ڕۆمانی "چی بکرێت؟" ـ ـی شێرنێڤیسکیدا هێز و هونەری بەرەنگاربوونەوە (لای لێنین نوخبە) لە توانای هۆشیاریدایە، نەك لە حازربووندا بۆ هەڵمەت، لێنین دەیکات بە پرینسیپێکی حیزبی بۆ ڕێکخستن.
لە مەڕ کۆنکرێتکردنی چۆنیەتی بەرزکردنەوەی ڕادەی تێگەیشتنی کرێکاران زۆر دەڵێت و یەکێك لەوانە دوورخستنەوەی کرێکارانە لە بزووتنەوەی ئیکۆنۆمیزم. هەموو جۆرە ڕیفۆرمخوازییەك و هەموو جۆرە داوایەکی وا ئەگەر بە ناشۆڕشگێڕی و جۆرێك لە خیانەتی دانەنێت ئەوا بە نەکردەیی (ئەماتور) و نەفامیی دادەنێت. لە سەرانسەری باسەکەدا لێنین لە تێرمی ڕێزمانیی، وەك کەسی سێهەمی تاك (ئەو/ ئەوان)، باس لە کرێکاران دەکات، وا هەست دەکەیت کە کرێکاران لە دەرەوەی باسەکەدان، ئەگەرچی زوو زوو دووپاتی دەکاتەوە کە مەسەلەکە کرێکاران و ئازادیی ئەوانە.
کرۆکی مەبەستی لێنین پێویستهەبوونە بە شۆڕشگێڕی پسپۆڕ، واتە پێویستی هەبوونی جۆری کەسانی بە ڕشتەشۆڕشگێڕ، چونکە کرێکار و جووتیاری ئاسایی، بە پێی تێگەیشتنی لێنین، ناتوانن شۆڕش بەرپا بکەن، ئەمان تەنها خۆیان بە گۆڕانکاری و دەستکەوتی کورتخایانەوە خەریك دەکەن. هاوکات کە ئەوانەی بە ڕشتە شۆڕشگێڕن دەتوانن ئاییندەبینیانە بیربکەنەوە و پلان بۆ دەستکەوتی درێژخایان دابنێن.
لێنین لە "چی بکرێت" دا لانی کەم ١٧ جار وشەی "بە ڕشتە شۆڕشگێڕ" دووپات دەکاتەوە و خوێنەر زوو هەست دەکات کە ئەو داوایەی لێنین لەسەر هەبوونی خەسڵەتگەلێکی وا هەیەتی ئیمکانی نییە جەماوەری بەرین بتوانێت بەشداریی تێدا بکات، نەك لەبەرئەوەی نەفامن، بەڵکو ڕا و بۆچوونەکان وا زۆر دەبن کە ئیمکانی سێنترالیزمێکی دیموکراتیك، بە هەر حاڵ بە دەستپوختی لێنین، نەشیاو دەبێت.
"پرینسیپی سێنترالیزمی دیموکراتیك و ئۆتۆنۆمی بۆ شانە ناوخۆییەکانی حیزب ئازادیەکی ڕەها و سەرتاسەریی بۆ ڕەخنەگرتن فەراهەم دەکات، ئەمە تا ئەو جێگەیەی کە یەکێتی کردار [ـ ـی حیزب] بێزار نەکات؛ سێنترالیزمی دیموکراتیك هەموو ئەو ڕەخنانە بەرپەچ دەداتەوە کە یەکێتی کردار کە حیزب بڕیاری لەسەر داوە، بێزار یان زەحمەت دەکات"[17].
بەو شێوەیە دەبینین کە لێنین حیزبێکی وای ناوێت کە هێندە بنکەی جەماوەریی بەهێز بێت کە نەتوانێت هەڵیان بسووڕێنێت. سێنترالیزمی دیموکراتیك پرینسیپێکی ڕێکخستنە کە ڕێگا بە هەموو جۆرە قسە و باسێك دەدات تا ئەو جێگەیەی ئەندامان لە پراکتیکدا بە گوێی سەرەوە بکەن.

لە بەشی "دواوشە" دا (لاپەڕە ٢٢٠) لێنین دەڵێت کە مێژووی سۆشیالدیموکراسیی ڕووسیی بە ڕوونیی و تەواویی بکرێت بە سێ قۆناخەوە. لە باسی سێهەم قۆناخدا دژوەڵام بە هەموو ئەو جۆرە بیرانە دەداتەوە کە لە ناو سۆشیالدیموکراسی ڕووسیدان و بە بێڕیزیی گرتن لە نرخی تیئۆریی مەحکومیان دەکات و بەوەی کە "سۆشیالیزمی زانستیی بڕدراوە لەوەی کە تیئۆریەکی شۆڕشگێڕانەی داڕێژراو بێت و کراوە بە چێشتی مجەوڕ" و کە بە ئارەزووی خواستی لایەنەکان "[هێندە] ئاوی تێکراوە کە تەواو ڕوون بێتەوە (هیچ خەستوخۆڵیەکی نەمێنێت)" و ئەوجا بەڵێن دەدات کە "پاشان [ئەو دەمەی ئەمان هێز پەیدا دەکەن] لەشکری ئۆپۆرتۆنیستەکان *لادەبرێن* و پێشلەشکری ڕاستەقینەی هەرە شۆڕشگێڕترین چین دەخرێتە شوێنیان" و ئەوجا بەردەوام دەبێت و دەڵێت "وەك بانگەوازێك بە *جێگرتنەوەیەکی* وا و وەکوو سەرئەنجامگرتنێکی هەموو ئەوی گوترا ئێمە دەتوانین لە وەڵامی پرسیاری 'چی بکرێت' دا ئەو وەڵامە کورتە بدەینەوە: لەناوبردنی قۆناخی سێهەم"[18].
بەڵام لە ڕاستیدا پوختەی بیری لێنین سەبارەت بە سەنترالیزمی دیکموکراتیك و پێڕەوی ناوخۆ لە بەشی "سەبارەت بە ڕێکخستن" بە سەردێڕی "نامەیەك بۆ هاوڕێیەك" دایە کە وەڵامی هاوڕێیەکی دەداتەوە و بە حەوسەڵە و تێگەیشتنێکی زۆرەوە بۆ / لەگەڵ ئەو هاوڕێ بێ ناوەیدا دەدوێت. ئەم بەشە

---

[15] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٣٠
[16] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٤٣
[17] Lenin, V.I., (1977) *Collected Works*, Vol 5, Progress Publishers: Moscow. p.433
[18] "چی بکرێت" ـ ـی لێنین، لاپەڕە ٢٢٢

دوا بەشی "چی بکرێت" پێك دەهێنێت. ئا لەوێدایە کە بۆ نموونە باس لە "نەبوونی ئامادەگیی شۆڕشگێڕیی نە هەر لە ناو کرێکاران بەڵکو ڕۆشنبیرانیشدا" دەکات.

بڕوای لێنین بە "پارتی پێشڕەو A vanguard party" و ئەوجا ڕێکخستن و خستنەکاری ئەو پارتە بە پێی پرینسیپی سێنترالیزمی دیموکراتیك هەر وەك خۆی دەڵێت بۆلشەڤیکەکانی گەیاندە دەستەڵات و ئەوەش زێدەتر کەیفی دەدایە کە خۆی سوار بوو. "ئەوە، پێموایە، ئێستا نێزیکەی لە جیهاندا ددانی پێدادەنرێت کە بە بێ ئەو دیسپلینە توندوتۆڵ و بەڕاستی پۆڵایینەی ناو حیزبەکەمان، بۆلشەڤیکەکان نەیاندەتوانی دوو مانگ و نیو دەستەڵات لە دەست خۆیاندا بهێڵنەوە، جا چ بگات بە دوو ساڵ نیو"[19].

## پرنسیپی سەنترالیزمی دیموکراتیك بە پێی لێنین

١. بڕیاری سیاسیی دەبێت لە دەستی چەند کەسێکی هەڵبژێردراودا بێت کە بە پلەی هەرە یەکەم دەفتەری سیاسیە و کە بێگومان لە پراکتیکدا لە سکرتێری گشتیدا کۆدەبێتەوە و بە پلەی دووهەمیش کۆمیتەی ناوەندی.
٢. دەستەڵاتی سیاسیی لە دەستی چەند کەسێکی هەڵبژێردراودا دەبێت لەو جۆرەی خاڵی یەك.
٣. ناردنی بڕیار لەسەرەوە بۆ خوار، سیستەمێکی هیرارشی ئاونەدز، کە لە پراکتیکدا جێی باسی ڕوونیی "شەفافیەت" و دیالۆگ و هتد بە هیچ شێوەیەك تیایدا نابێتەوە.
٤. گوێڕایەڵیی قسەهەڵنەگرتووی خوارەوە بۆ دەستەڵاتی باڵا. خوارەوە هیچ کاتێك ناتوانێت هێندەی سەرێ ژیر بێت و ناتوانێت حاڵی ببێت کە داواکانی کورتبینییە، و کە هاوکات سەرێ خاوەنی ئاییندەبینی و ستراتیژداڕشتنە و توانای خولقێنەری هەیە.
٥. گۆڕینی نێزیکەی هەموو جۆرێك لە بڕیاری سیاسیی هەر کاتێك بە پێویست بزانرێت.

هۆیەکان بە پێی ڕوونکردنەوەی لێنین
١. هەرە زۆربەی جەماوەری لایەنگر کە پێکهاتوون لە کرێکار و جووتیار و کاسپکاران و هتد توانای تێگەیشتن، بیرکردنەوەی قووڵ، شیکردنەوەی جیددی، ئاییندەبینیان نییە و ناتوانن دەستکەوت و قازانجی کرێکاریی و سۆشیالیستانە لە درێژخایەنیدا ببینن. ئەمانە تەنها ئەوەندەیان لە تواناداییە کە دەستکەوتی کورتخایان و لاوەکیی ببینن و هەمیشە لە مەترسی ئەوەدان برژوازی کەڵەکیان لێ بدات. ئەمان لەو ڕێگایەوە کە نەهێڵرێت بیر بکەنەوە، کە ڕێگای بیر خستنەبەردەستیان لێبگیرێت، کە بیر و بۆچوونیان بە قرانێك نەکڕدرێت، دەبێت بپارێزرێن. واتا لە مێشك و لە بیری تێکدەرانەی خۆیان دەپارێزرێن. ئەو پاراستنەش لە دەستی دەستەڵاتدارانی ناو بازنەی سێنترالیزمی دیموکراتیکدایە.
٢. لەبەرئەوەی ئەمانە لە ئاستی هۆشیاریی سیاسییدا لاوازن، ناتوانن دروستانە بە دەستەڵاتی سیاسیی خۆیان وەفادار بن. هەموو کات لە ئەگەر و لە مەترسیی لە خشتەبردن یان پشتتێکردندان.
٣. بڕیاری سیاسیی دەبێت لە دەستی ئەوانەدا بێت کە بە ڕشتە سیاسیین، واتا لە سیاسەتدا پسپۆڕن. ئەو سیاسەتەش دەبێت تێگەیشتن بێت لە هەموو ئەو بوارانەی کە پێوەستن بە مەسەلەی سۆشیالیزم، کۆمۆنیزم و ئەو جیهانبینیە، بێگومان بەو شێوەیەی دەفتەری سیاسیی بە دروستی دەزانێت.

## کۆمەڵە و مەسەلەی سێنترالیزمی دیموکراتیك

ڕەنگە یەکێك لە هەرە دەستکەوتە باشەکان کە لە سەرەتای ساڵی دووهەزاردا دەست خۆرهەڵاتی کوردستان کەوتبێت جودابوونەوەی ئەو هاوڕێیانە بێت کە بە ناوی "ساخکردنەوەی کۆمەڵەوە" لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هاتنە دەر.
بە پێی هەموو ئەو بەڵگانەی کە لە شێوەی قسەکردن، سیمینار گرتن و نووسیندا شەش ساڵ لەمەوبەر دەکران و بە جۆرێك لەو شەش ساڵەدا بەردەوام بوون، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کە ئیتر بە "کۆمەڵە" ناوی دەبەم) دەبوایە ئێستا حیزبێکی سۆشیالیست و دیموکرات بووایە کە خەباتی پەرلەمێنتاری قبووڵ بکات، ددان بە پلورالیزمی (فرەگەرایی) سیاسیی و ڕێکخستندا بنێت و لە پراکتیکدا لەگەڵیدا بژی، هاوکات کە بە پێی پرینسیپی دیموکراسیی ڕێگا بە شەفافیەت، بە ڕەخنە، بە بیری ڕەخنەگرانە، بە خستنەژێرپرسیار بدات و لە خۆڕەخنەکردندا نموونەیەکی بەرچاو بێت.

---

[19] "Left-Wing" Communism, An Infantile Disorder, Selected Works. New York: International Publishers, 1971, p.516.

هەبوونی هاوڕێگەلێکی دڵسۆز و دۆست و یارانێك لە ناوەوە لە کوردستان و لە دەرەوە پشت و پەنایەکی تیئۆری و پراکتیك بوون بۆ کۆمەڵە. لە سەرەتادا بێگومان کەس چاوەڕوان نەبوو کۆمەڵە ببێت بە شۆرەسواری مەیدانی دیموکراسیی و دادوەریی کۆمەڵایەتیی، بەڵام هەمووان هەوڵیان دەدا کە کۆمەڵە بێتە مەیدان، ئەسپی خۆی تاو بدات و ڕێگاکان، کە بێگومان سەخت و دژوارن، تاقی بکاتەوە. گرینگترین شت ئەوە بوو کە ئەزموونێکی سۆشیالیست و دیموکرات وردە وردە لەسەر پێی خۆی ڕابووەستێت.

پاش بەستنی کۆنگرەی ١١ دەرکەوت کە وەڵامی ئەو چاوەڕوانیە نەدرایەوە کە زۆرینەی ئەندامان و دۆستان و یاران لە کۆمەڵە هەیان بوو.

پاش کۆنگرە کاك عەبدوڵای موهتەدی، سکرتێری گشتی کۆمەڵە، لە ڕۆژنامەی "ئاسۆ"[20] لە بەشی "چاوپێکەوتن" دا هەندێك قسە دەکات کە دەزانم وەڵامدانەوەیەك هەڵدەگرێت. پاش هەڵبژاردن یان ڕاستتر هێشتنەوەی کۆمیتەی ناوەندی وەکوو خۆی و نەگۆرینی هیچ شتێك لە پێرەوی ناوخۆی کۆمەڵە و ئەوجا هەڵبژاردنی دەفتەری سیاسی لەو فۆرمەی ئێستایدا، ناڕۆشناییەکی زۆر هەیە کە گرێدراوی پرینسیپی سێنترالیزمی دیموکراتیکە و کە من لێرەدا بەو هۆیەوە کە وتارەکەم سەبارەت بە سێنترالیزمی دیموکراتیکە، هەوڵ دەدەم ڕوونیان بکەمەوە.

لەو شەش ساڵەدا هەمیشە یەکێك لە داواکان لە کۆمەڵە ئەوە بووە کە بە پێچەوانەی چەپی سوننەتیەوە بێت و پێناسەیەك لە جۆری چەپی خۆی بکات، واز لە چەمکی پارتی پێشڕەو " A vanguard party" و سێنترالیزمی دیموکراتیك بهێنیت و واز لە دوگمە بهێنێت کە خەسڵەتی پارتگەلی چەپی سوننەتییە. گەلێك لە دۆستانی کۆمەڵە ئەمانەیان باس کردووە و منیش وەبیریان دەهێنمەوە کە خۆرهەڵاتی کوردستان گۆڕەپانی سی (٣٠) ساڵ لەمەوبەر نییە و بێلەوەی کە ژمارەی دڵسۆز و خەباتکاران زیادی کردووە، توانای تیئۆری و تێگەیشتنی ئەوان لە دونیا، لە سیاسەت و لە پرسی ئازادیخوازی و لەسەر خاڵی دیکە لە ئاستێکدایە کە گاڵتەی پێ ناکرێت. هەڵەیەکی گەورەیە کە بە ئەقڵی سی (٣٠) ساڵ پێش ئێستا مامەڵە لەگەڵ گەلی کوردستان لە خۆرهەڵاتی کوردستان بکرێت.

بەڵام پێرەوی ناوخۆی کۆمەڵە، پاش کۆنگرەی یازدەش، هێشتا ئەم عەیبە فرە گەورانەی تێدا ماوە. ئەم عەیبانە بانگەوازی کۆمەڵە لە "خۆساخکردنەوە" لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەخاتە ژێر پرسیار. پاش شەش ساڵ ماناکانی ئەم "خۆساخکردنەوەیە" لە کوێدایە؟

پێرەوی ناوخۆی کۆمەڵە ڕاشکاوانە قسە لەسەر پرنسیپی سەنترالیزمی دیموکراتیك دەکات. بەڵام سەنترالیزمی دیموکراتیك پرنسیپێکی لە سەداسەد لێنینانەیە بۆ مۆدێلی ڕێکخستنی حیزبێکی سیاسیی. لە سێنترالیزمی دیموکراتیکدا "شۆڕشگێڕ" مانایەکی لێنینانەی هەیە و ئەویش بە مانای گۆڕینی دەستەڵاتی حاکم دێت بە زەبر و هێز (کە نازانم لە پێوەندی ئێستای کوردستاندا چ مانایەکی هەیە)، هەروەها باوەڕنەبوونە بە پلورالیزمی سیاسیی و بە خەباتی پەرلەمێنتاریی، و قبووڵنەکردنی ڕیفۆرم و پرنسیپگەلی دیموکراسییە.

کاك عەبدوڵای موهتەدی باسی ئەوە دەکات کە ساڵ و نیوێك لەوەبەر باس لە پێویستبوونی "پێداچوونەوەیەك" سەبارەت بە ماددەی یەکەمی پێرەوی ناوخۆ لە دەفتەری سیاسیدا کراوە و بەتایبەتیش خۆی کردوویەتی. بەڵام دەڵێت کە پێداچوونەوەیەك دەبێت "زانستیانە" بێت و 'نەبێت بە هۆیەك بۆ دووبەرەکی و ناکۆکی".

هەڵبەت گرفتی پێرەوی ناوخۆی کۆمەڵە هەر ماددەی یەك نییە، بەڵکو نێزیکەی هەر هەمووی لەسەر مۆدێلێکی لێنینانە بۆ ڕێکخستن، سزادان، کارکردن و هتد دامەزراوە. بەڵام ئەو "پێداچوونەوە زانستییەی" کاك عەبدوڵای موهتەدی باسی دەکات هیچ مانایەکی کۆنکرێتی نییە و بەو شێوەیەی من لێی دەگەم کاك عەبدوڵای موهتەدی پێمان دەڵێت ڕێگامان بدەن با هەر لەسەر کورسی جودا دابنیشین تا بزانین ئایندە چۆن دەبێت. دیارە کە کاك عەبدوڵای موهتەدی هێشتا ئەم شەش ساڵەی پێ کەمە و دەیەوێت لەسەر گەمە بە وشە و بە گۆڕینەوەی کورسی و بە دووبارەکردنەوەی بەڵێن بەردەوام بێت.

ئەگەر کۆمەڵە، پاش ڕووبارێك لە خوێن و چیایەك لە ئازار، پرۆژەیەکی شەخسیی بێت شتێکی دیکەیە، بەڵام نابێت هیچ کەسێك بۆی هەبێت بەو شێوەیە بەرخورد بە پرۆژەیەکی هەرەوەزی و دڵخوازانەی کۆمەڵیی بکات.

هەڵبەتە لەسەرەتای "خۆساخکردنەوەی کۆمەڵە" دا هەندێك کەس بە جەستە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی هاتنە دەر و چوونە کۆمەڵەوە، بەڵام بە هەمان ڕۆحیانەتەوە. ئەو کەسانە ناسراون و لە ناو جۆرەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانییدا خاوەنی وەفاداریەکی جیددی بوون. بەشێکی کردنی کۆمەڵە بە پرۆژەیەکی شەخسیی لێرەوە دەست پێ دەکات.

نەگۆڕینی پێرەوی ناوخۆی کۆمەڵە وا کە لەگەڵ پرینسیپی حیزبێکی سۆشیالیست و دیموکراتدا بێتەوە نە لە کەمینەیی لایەنگرانی ئەو پرینسیپەیە لە ناو کۆمەڵەدا و نە لە کەمیی هەوڵ و کۆششی ئەوانە

---

[20] ڕۆژنامەی ئاسۆ، ژمارە ٢٦٨ یەکشەممە، ٢٠٠٦/١١/١٢

بۆ دیالۆگ، پێشنیار و ڕەخنە. من پێموایە نەگۆڕینی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە پێوەندی بە بوونی وەفاداریەکی ئیدیۆلۆژیکەوە هەیە بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ناو کەسانێکدا کە سەروونشینن.
ئەوە بوونی پرینسیپی سێنترالیزمی دیموکراتیکە کە دەستەڵاتی خوداوەندی بەو کەسانە داوە کە سەرەڕای خواستی هاوڕێگەلێکی بێئەژمار بۆ دیالۆگ و شەفافیەت و ئاوەڵەیی، درێژە بە دەستەڵاتی موتلەقی خۆیان لە ناو کۆمەڵەدا دەدەن.
سێنترالیزمی دیموکراتیك کە تایبەتە بە حیزبێکی کۆمۆنیستی لێنینیستی لەو جۆرەی ئێستایدا کە لە کۆمەڵەدا هەیە، هەموو سنوورێکی جیددی سیاسیی تێپەڕاندووە و بووە بە جۆرێك لە "شەڕپێفرۆشتن" و لە "من هەر وا دەکەم و جا تۆش چی دەکەیت بیکە". من پێموایە ئەو ڕەفتارە هەتا ئەو کاتە برەودار دەبێت کە خودی پرینسیپی سێنترالیزمی دیموکراتیك کۆڵەکەی بنچینەیی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە بێت.
هەبوونی پرینسیپی سێنترالیزمی دیموکراتیك هیچ پێوەندیەکی بەو پێداگرتنەی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەوە نییە کە گوایە دۆخی تایبەتی کوردستان و ئێران وا پێویست دەکات، دروست هەروەك ڕوونکردنەوەکانی لێنین بۆ دۆخی ڕووسیا. ئەگەر مەسەلەی لێنین و ڕووسیا لە باسەکە دەربکەین کە هەویرێکی ئاوکێشە، ئەوا پرینسیپی دیکە بۆ شێوەی پاراستنی نهێنی زۆرن کە ئەندامانی حیزبێکی وەکوو کۆمەڵە لە کاری تیرۆر و زەرەرلێکەوتن و شتی دیکە بپارێزێت.
کاتێك کاك عەبدوڵای موهتەدی باس لە کەسانێکی ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکات و بە نیوەمردوو دەیانچوێنێت دیارە تەواو لە بیری چووەتەوە کە کۆمەڵە پاش شەش ساڵ هێشتا خۆی لە پرۆسەی "خۆساخکردنەوەدایە" و هێشتا لە زۆر لاوە بە ڕەنگ و دەنگ و بۆن ئەوان وەبیر دەهێنێتەوە. بە ڕێککەوت نییە ماددەی بیست و چوارهەم کە سەبارەت بە  "ئەندامەتی گرووپ و کۆڕ و کۆمەڵ لە کۆمەڵەدا" دەڵێت:
١. گەرچی ئەندامەتی وەك ڕێسایەکی گشتی پرسێکی تاکەکەسییە، بەڵام لە هەلومەرجی سیاسی تایبەتدا دەکرێت هەندێك گرووپ و کۆڕوکۆمەڵ بە پۆل بکرێنە ئەندامی کۆمەڵە.
من بەش بە حاڵی خۆم هیچ گرووپ و کۆڕ و کۆمەڵێك لە کوردستان شك نابەم کە بیانەوێت وەك یەکەیەك بێنە ناو کۆمەڵەوە. پێموایە "داوەتێکی" لەو چەشنە سەر تا پا کۆنەپەرستیی لێدەچۆڕێت. لە هەموو کاتێکدا ڕێکخراوی دیموکراتیك و شارستانیی بە تاکەکەس مامەڵە لەگەڵ پرسی ئەندامووەرگرتندا دەکات.
ئەگەر ئەو گرووپ و کۆڕوکۆمەڵانە ئەو هاوڕێیانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بن کە بە پێی ئالیگۆرەکەی کاك عەبدوڵای موهتەدی نیوەمردوون، کە ناکرێت لەوان زیاتر کەسی دیکە بێت، ئەوا ئەو پێداچوونەوە زانستیە کە کاك عەبدوڵای موهتەدی باسی دەکات زووتر بە ئاکام دەگات و ناشبێتە مایەی دووبەرەکی و ناکۆکی. چونکە بە نەریت ئەوانەی وا بە گرووپ دەبن بە ئەندام لە کۆمیەتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسییدا دەگیرسێنەوە. دەستی سیحر ئەو کۆنەهاوبیرانە بە سەر شانی ئەندامانی زەحمەتکێش و ماندوونەناسدا دەبات بۆ لای سەرێ. بەو شێوەیە نە پێڕەوی ناوخۆ حەوجەی گۆڕان دەبێت و نە سەرئێشەی دیموکراسیبوونیش دێتە کایەوە.
تا ئەو دەمەی پرینسیپی سێنترالیزمی دیموکراتیك لە پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەدا برەودار بێت ئەو ئومێدە دەبێت کە ئەم چاوچاوێنە ببێت بە زەماوەندێك. لە ناو کۆمەڵگای پیاوسالاری و بیری پیاوسالارانەدا جۆری لەو زەماوەندانە زۆرە.
کاك عەبدوڵای موهتەدی باسێکی زۆر لەسەر دەستکەوت دەکات کە من بەش بە حاڵی خۆم، وا کە خۆمی لەگەڵدا ماندوو دەکەم، ناتوانم بیانژمێرم. ئەوە کەنگێ دەستکەوتە کە لە ٧ کەسی دەفتەری سیاسیی یەك دانە ژن بێت و لە کۆمیتەی ناوەندیدا بە تەنها دوو ژن هەبن؟
کۆمەڵە هەروەها دەبووایە هەوڵی بدایە کە لە پراکتیکدا جێگای باشترین نموونەی ڕەخنە لە خۆگرتن و بیری ڕەخنەگرانە بێت، ڕێگای بە جمانی خوێنی نوێ بدایە و ئەو ئەندامانەی پێش بخستایە کە لە پراکتیکدا هەڵسووڕاو و خۆشناو و وەفادار بە خەتی ساخکردنەوەی کۆمەڵەن. بە ڕوونییش دیار بووایە کە لە پراکتیکدا دژ بە نیپۆتیزم و جۆرەکانی فەیڤەرۆتیزمە و کە بە ساڵداچووانێك جێگە بە نەسلی دوای خۆیان دەدەن.
بەڵام بێلەوەی کە کۆمیەتی ناوەندی وەك خۆی هێڵرایەوە، دەفتەرێکی سیاسی دانراوە کە هیچ بەلانسێکی سیاسیی تێدا نییە. کاك عەبدوڵای موهتەدی لەوێدا بێ هاوتایە. دیارە کە باسەکان لەو دەفتەرەدا هەرچیەك بن پارسەنگی سیاسیی لای کاك عەبدوڵای موهتەدی دەبێت و دەزانین کێ دەیباتەوە. ئەوە گرەو هەڵناگرێت.
هونەرێکی دەفتەری سیاسیی دەبێت ئەوە بێت کە سەرەڕای هاوڕێبوونی کەسایەتیەکان، هێندە بە سرووشتیی جیڕ بن کە پڕیارێکی سیاسیی تیایدا تەواو شی بکرێتەوە ئەوجا حەواڵە بکرێت. پێموانییە ئێستا هیچ پڕیارێکی سیاسیی لە سەرباداں و دەستباداں و هێنانوبردنێکی سەرپێی زیاتر بخایەنێت.
دەبێت ئەوە بڵێم کە باوەجودی هەموو جۆرە لەیەکترازان و جودابووەنەوە و ناکۆکیەك کە هەبووە و کە هەیە ئەوا بە بەرزڕاگرتنی ناوی شەهیدان و خەباتکارانی جودای کۆمەڵە بێگومان لە هەموو کاتێکدا

جێی خۆیەتی، بەڵام پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵەی ئەمڕۆ درێژەی سرووشتیی کۆمەڵەی ٣٠ ساڵ لەمەوبەرە، دژایەتیکردنی بیرکردنەوەیەکی دیالێکتیکانە و مەتریالیستانەیە. هاوڕێیانی دڵسۆز، بەڵام بفامی کۆمەڵە دەبێت ئەوە بزانن کە ڕاستیەکی خەوشهەڵنەگر لەبەر دەمیاندایە ئەویش ئەوەیە کە ئێستەکانێ، ئا لەم کات و ساتەدا، کۆمەڵە چییە و چی دەکات.
بەو شێوەیە ڕێگام بدەن بڵێم کە کاك عەبدوڵای موهتەدی هەڵایەکی ناپێویستی بۆ گەیاندنی ئەو مژدەیە ناوەتەوە کە کۆمەڵە حەپی سەرئێشەی بۆ سەرەتان پێیە.
هەڵبەتە سەرەڕای ئەوانەش کە باسم کرد بە ڕای من هێشتا ئەو گۆڕەپانە لە بەردەم کۆمەڵەدا هەیە کە ڕۆڵی خۆی تێدا ببینێت، چونکە ژمارەیەکی زۆر کەسانی ماندوونەناس و خاوەن باوەڕی تێدایە کە ئامادەی فیداکاریی گەورەن، بەڵام ئەو کارە دووبارەساختماندنەوە و جمانی خوێنێکی نوێ دەخوازێت.

## سەرئەنجام

کێشەی سێنترالیزمی دیموکراتیك ئەوەیە کە حیزب دەکات بە دووکانێکی شەخسیی کە کەسێك یان چەند کەسێك بۆیان هەبێت بە ئارەزووی خۆیان بیهێنن و بیبەن، نەك پێکهاتەیەکی هەرەوەزی و دڵخوازانە.
نموونە زۆرن کە لە دۆخی وا دا زەمینە بۆ ئەوە خۆش دەکرێت کە تاکەکەسەکان لەبەردەم دەستەڵاتداراندا سەریان بە ئاماژەی "ئەرێ" و "بەڵێ" ببزوێنن و بەو شێوەیە گوێڕایەڵیەکی کوێرانەیان بەسەردا دەسەپێنن. دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی دەست و بینایی ئەوان دەبێت و ئەمان ئەرکی ڕۆبۆتێك دەبینن، جا ئەرك داگیرساندنی سیغارێك بێت یان کوشتنی مرۆڤێك. پرنسیپی "کارەکە ڕابپەڕێنە و پاشان بپرسە" لە سەداسەد برەودارە.
بەرژەوەندیەکی کەسیی هەیە لە کردنی حیزب بە کارگەیەك بۆ هەڵوەشانەوەی خەباتگێڕان و کردنیان بە بووکەباغەی قوڕمیشکراو. ئەوجا هەڵایەکی بێمانا دەنرێتەوە لەسەر ئەوەی کە چۆن ئەم سوپایە لە بووکەشووشە دەمانگەیەنن بە ترۆپکی مرۆڤایەتی.
سێنترالیزمی دیموکراتیك وا دەستەڵاتداران سەرمەستی دەستەڵات دەکات و هێندە دەستەڵات لە ناوەندا چڕ دەکاتەوە کە ڕێگا بە پرسیاری گران و ئاڵۆز نادات. دۆخێك بۆ ئەندامان ساز دەکات کە هەروەك لە زیندانی سیبریا بن ناچاری خۆسەنسۆرکردن بن، شتەکان بە ناوی دروستی خۆیان ناو ناهێنن، و لە باشترین حاڵەتدا لێنین گوتەنی "لە بارەکە دەدەن و مەبەستیان لە گوێدرێژەکەیە[21]".
ڕەخنەگرتن، خستنەژێرپرسیار و بیری ڕەخنەگرانە ئامرازی گرینگی پێویستن. ئەوانە گرینگترین ئامرازن بۆ سەقامگیرکردنی هاوبەشێتی نێوان مرۆڤەکان. هەموو جۆرە خۆسەنسۆرکردن و ڕێز لە خۆنەگرتن و ڕێز لە مرۆڤ نەگرتنێك، خۆبەسووك دانانێکە کە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دەخات. ئەو مرۆڤانەی بەو شێوەیە خۆ بە سووك دادەنێن، دەکەونە پرۆسەیەکەوە کە ئەو سووکایەتیە تەنها لە پێوەندی بە خۆیاندا ناهێڵنەوە.
من دەڵێم لە پرۆسەی پرسیارکردن و خستنەژێرپرسیار و بیری ڕەخنەگرانەدایە کە کەش و هەوای ئاوەڵەیی فەراهەم دەبێت.
"چەند دانەیەك لە خەسڵەتگەلی دیموکراتیی بریتین لە *ئاوەڵەیی*، *گفتوگۆ* و *بەرابەریی* و بەرپرسیارێتی. لە ئاوەڵەییەکەدا ئەو ئەرکە هەیە کە بەرپەچی دەستەڵاتدار بدرێتەوە کاتێك کە دەستەڵاتدار بە کارێکی *نائاسایی*، *ناڕەووشتیی* یان *ناگونجاو* هەڵدەستێت. دەتوانرێت بگوترێت کە یەکێك لە پایە بنچینەییەکانی دیموکراتیی ئاوەڵەییە. بە بێ ئاوەڵەیی نەشیاوە مرۆڤ بتوانێت مامەڵە لەگەڵ پرسە سیاسییەکان بەو پێیە و لەسەر ئەو ئاستە بکات کە پێویستن و هاوکاتیش ئیمکانی ئەوە نامێنێت داوای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیەك لە دەستەڵاداران بکرێت. ناکرێت یەکێك لەو خاڵە پرۆسەییانە پشتگوێ بخرێن. لە ڕاستییدا دەکرێت بیر بکرێتەوە و بپرسین کە ئایا بە بێ ئاوەڵەیی دیموکراسیی شیاوە"[22].
میلگرام پرسیار دەکات کە "بۆچی بەرپەچدانەوە (بە گوێ نەکردن) پێویستە؟" و ئەوجا لە وەڵامدا دەڵێت "هۆیەکی بناخەیی ئەوەیە کە خۆهێنانەخوارەوەی مرۆڤ بۆ سەر ئاستی بەڵێگۆ [کەسێك کە کاری هەر بەڵێ گۆیی بێت] دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئاپرووی [ئینتیگریتیەت] خۆیان لە کیس دەدەن و ئەوەش تا ئەو پەڕی خەتەرە. مرۆڤگەلێك کە هیچ خاوەنی ئاپروو نەبن دەتوانرێت بۆ هەر جۆرە شتێك بەکاربهێنرێن. هەروەکوو مێژوو نیشانمان دەدات بەینێکی زۆر ئێجگار گەورە لە نێوان مرۆڤگەلی "ئاسایی" و ئەوانەدا کە ئەشکەنجەدەر و بەکۆمەڵکوژن نییە"[23].

---

[21] پەندێکی ئەڵمانیە کە لێنین دەیهێنێتەوە ل ٢٢١ "چی بکرێت" (Den Sack schägt man, den Esel meint man) "پیاو لە بارەکە دەدات بەڵام مەبەستی لە گوێدرێژەکەیە".
[22] Lundquist, Lennart 2001: *Medborgardemokratin*, Lund. Studentlitteratur
[23] Milgram, Stanely 1975: Lydnad och auktoritet. Stockholm: Wahlström & Widstrand.

براوەر و سێلدن توێژینەوەی سەرنجڕاکێشیان لەسەر ئەم پرسە هەیە. ئەوان مەبەستیان ئەوەیە کە ناگوتن [توانستی گوتنی نا] ئەرکێکی دیموکراسی و ڕەووشتییە[24] [بۆ مرۆڤ].
بۆ تێگەیشتن لە خەباتی بەرەنگاربوونەوە و سەر نەوی نەکردن (جا بە هەر ناو و بیانوویەك بێت) ڕۆمانی "چی بکرێت؟" دەخوێنینەوە کە باس لە ئەفسەرێك "ستۆرشینکۆڤ" دەکات "ئەو قەشمەرەی! هەر دەوەستێت و دەم دادەچەقێنێت. ئەرێ دەی کەنگێ مەسەلەیە، ئێمە دروست ئەو جۆرەمان پێویستە"[25].
ئەو پارتانەی کە پرینسیپی سێنترالیزمی دیموکراتیك دەسەپێنن بە دوای ئەو جۆرە کەسانەدا دەگەڕێن کە وەك ئەفسەرەکەی شێرنێڤیسکی "هەر لەوێدا ڕادەوەستن و دەم داچەقێنن". جا ئەو "ئەفسەرانە"چەند دەستیان بە خوێنی هاومرۆڤانیان سوور دەبێت و چەند جار مێژوو بۆ دواوە دەبەنەوە، بۆ ئەوان مەسەلەیەك نییە. ئەوانە هەمیشە بەو پارچە ئێسکە دڵخۆش دەبن کە دەستەڵاتداران هەڵی دەداتە بەردەمیان. سڤێن لیندکڤیست گوتەنی دڵخۆش و سەرمەست و لە خۆڕازی هەروەك ئەو سەگەی پارچە دارێك بە دەم بۆ خاوەنەکەی دەباتەوە.
بەڵام یەکێك لەوانەی کە بە قووڵی باس لە خەتەری بەڵێگۆیی دەکات، هەڵبەت لە سەر ئاستی بازاڕیکار سپانگنبەرگ ـە و کە من پێموایە بە دەرهاویشتنی ئەو وشانەی کە من لێرەدا خەتیان بە ژێردا دەکێشم دروست بۆ ڕێکخراوێکی سیاسیی دەگونجێن.  ئەو دوو جۆر سزا لە بەڕێوەبەرایەتی کارخانەیەکدا [بخوێنە: دەفتەری سیاسی حیزبێکی لێنینیستیی] دەبینێت: مارگینالیزەکردن (لە کەنار هاویشتن) و وەدەرنان.
پرۆسەکە بەو شێوەیەی ئەو باسی دەکات کە من پێموایە سەرنج ڕاکێشە، ئاوایە: حەزلێنەکردن بە بێدەنگیی - دەنگلێبەرزکردنەوە - نەدانی مووچەی دروست[بخوێنە: نەدانی پلەی شایستە] - کەریار لێخراپکردن [بخوێنە: مەقام یان پلە لێخراپکردن]- ئەرکی کاری خراپ پێدان [بخوێنە: نان بۆ قەساب و گۆشت بۆ نانەوا]- پشت تێکردن / لێکردن (نەدوواندن) - گۆشەخزێنکردن - شەڕپێفرۆشتن - هەڕەشە - ئاگادارکردنەوە - سزای دیسپلینیی - پارەلێستاندن [بخوێنە: سزای جودا] – سزادان – کاری دیکە بۆ دۆزینەوە [بخوێنە: بێگاری و شەڕپێفرۆشتن]- کارلێستاندنەوە [بخوێنە: لابردن لەسەر کارێکی بەو کەسە شایستە]– دەرکردن – زەحمەتی پەیداکردنی کاری دیکە - کێشەی خانەوادە - کۆنترۆڵکردن لەلایەن ڕاگەیاندنەوە (میدیاوە) [بخوێنە: ئی خۆیان] – گرفتی دەروونیی – خۆکوژیی[26].
بەو شێوەیە دەبینین کە بەگشتیی دەرپرینی هەڵوێستی ئازایانە و جوامێرانە وا کە ببێتە مایەی سەربڵندکردنی مرۆڤ هاسان نییە و مرۆڤ دووچاری سەرئێشەی وا دەکات کە تەنانەت کەسانی هۆشیار و بەهێزیش لە خۆیان بپرسن کە بۆ خۆ تووشی دەردەسەریی لەو جۆرە دەکەن یان کردووە. بەڕاستیی کاری ئەو کەسانە باش ناڕوات کە نەخێرگۆ – ن و ئەوەش بە داخەوە هەر بە تەنها ئەزموونێکی کوردستانیی نییە، بەڵکو ئەزموونێکی نێونەتەوەییە.
بێگومان دیارە کاری کەسانی ڕادیکال و پێشکەوتووخواز، سڤێند لیندکڤیست گوتەنی، ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو ئەوانەش هەر لەو شوێنەدا هەڵبکەنن و ئەو شوێنە هەڵبدەنەوە کە لێی ڕاوەستاون.
مرۆڤی نەخێرگۆ فرە گرینگن، بێ ئەوان ئیمکانی دروستکردنی مێژوویەکی پڕ سەروەری نییە.
لەبەرئەوەیە بەرپەچدانەوە هەروەها خەباتێکی هاوپشتییە بۆ دیموکراسیی سیاسیی. بەرپەچدانەوە هەڵوێستە، هەڵویستی لەو جۆرە دەیتوانی لە جەنگی جیهانیی دووهەمدا سەدان هەزار ڕۆم و ملیۆنەها جوولەکە لە مەرگ ڕزگار بکات، و ئەمڕۆش دەتوانێت تەکانی پێشڕەفتە بە کاروانی خەباتی ئازادیخوازی کوردستان و پرسی بەرابەری و دادوەری کۆمەڵایەتی و شتی لەو جۆرە بدات. هەروەکوو ئاسترید لیندگرێن دەڵێت "شت هەن کە مرۆڤ هەر دەبێت بیانکات، دەنا مرۆڤ مرۆڤ نییە بەڵکو هەر کڕێشێکە بۆ خۆی"[27].
نووسەرانی ئورووپا کە خاوەنی چەند سەدەیەك مێژووی دەستەڵاتی ملهوڕ و بکوژ و بڕ بوون، مەترسی لە دوورەوە ڕا دەناسنەوە. گوێی جۆرەکانی دیکتاتۆری و فاشیزم دەبێت پێش ئەوەی گاگۆڵکێ بکەن بگیرێت.
ئەوەی بۆ ڕێکخراوگەلی دیموکراتیك پێویستە کە پێیان وایە هەموو جۆرە مرۆڤێك، جا باوەجودی جنس و جنسگەرایی و کەمئەندامی و ڕەنگی پێست و توانای گیرفانیان، هەبوونی مۆدێلێکی دیموکراتیکە کە تیایدا ڕێگا بە گەشەی بەرابەریی، یەکسانیی، هاوبەشێتی، دادوەری و پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردن بدرێت.

[24] Brewer, Gene A & Sally Coleman Selden 1998: Whistle Blowers in the Federal Civil Service: New Evidence of the Public Service Ethic, in: *Journal of Public Administration* pp 413-439

[25] ڕۆمانی "چی بکرێت؟" لاپەڕە ٣٩

[26] Spangenberg, Carl Gustav 1998: Kommunaktuellt 1998-02-05

[27] Lindgren, Astrid 1976: Bröderna Lejonhjärta, Stockholm: Rabén & Sjögren

بەو شێوەیەی من تێی دەگەم سێنترالیزمی دیموکراتیك هەمووان لە بەشداریکردنی بڕیاری سیاسیی دادەبڕێت و مۆنۆپۆلی دەستەڵات خەڵاتی چەند کەسێك دەکات.

ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٧/١/٥